# پانۆرامای قۆناغەکانی شالأوی ئەنفال و هێزە بەشداربووەکان

**ئامادەکردنی: هاوریێ ئەحمەد**

**قۆناغی یەکەم: 3/19_2/18**



شەوی 18/17 شوبات بە سەرپەرشتی فەیلەقی یەك كە لیوا ڕوکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) سەرپەرشتیاری شالأوی ئەنفالی یەك لە چەند قۆڵێکەوە هێرش کرایە سەر ناوچەکانی جافایەتی بۆ لەناوبردنو وێران کردنی گوندەکانی دۆڵی جافایەتیو داگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)، لەم هێرشەدا ئامانجی یەکەمی بۆ بێهێزکردنی (ی.ن.ك) بۆ ئەوەی کەمترین بەرگری تووش بێت لە لایەن ئەم هێزەوە بۆ شالأوەکانی داهاتووی.

لەم هێرشەدا پەلاماری ناوچەکانی دوڵی جافایەتیو گوندەکانی سنوری قەزاو ناحیەکانی (دوکان ، بنگرد، چوارتا، قەلأچوالان، سەرچنار،سورداش) درا کەسەر بەپارێزگاکانی سلێمانێن و نزیکەی (150) گوند لەم سنوورە بەر ئەنفالی یەك کەوتن و دانیشتوانەکەی بیّ سەرو شوێن کران و گوندەکانیان خاپور کرا، (نەوشیروان مستەفا ئەمین) لە کتێبی (خولانەوە لە ناو بازنەدا) ئاماژە بەوە دەکات کەلەو جەنگانەدا زیاتر لە (600) پێشمەرگەش شەهید و بریندار بوون.

بەشێك لەو هێزانەی بەشداربوون لەم قۆناغەدا:

- تیپی 2ی سەر بە فەیلەقی یەك كە ناونرابوون بە هیزەکانی خالید بن وەلید
- تیپی 8ی پیادەی سەر بە فەیلەقی یەك كە ناونرابوون بە هێزەکانی مووسەنا
- تیپی 4ی سەر بە فەیلەقی پێنج كە ناونرابوون بە هێزەکانی قەعقەع
- تیپی 25ی سەر بە فەیلەقی پێنج كە ناونرابوون بە هێزەکانی موعتەسەم
- تیپی 38ی سەر بە فەیلەقی پێنج كە ناونرابوون بە هێزەکانی عومەر بن عەبدول عەزیز
- 20 لیوای سەر بە (مدفعیە المیدان) بە هاوەڵی 720 تۆپی دوور هاوێژ
- بیست لیوای سەر بە کۆماندۆ
- 70 فەوجی جاش (ژمارەی هەر فەوجێك لە نێوان 750 تا 1500 جاش دەبن)
- 30 فەوجی سەر بە (حرس الجمهوری)

کە لە نۆ قۆڵەوە پەلاماریان دا:

قۆڵی یەکەم: لە گاپیلۆنەوە بۆ سەر زنجیرە شاخەکانی هێلانە بەراز و شاخەسوور و شاخی خەجە لەرزۆك.

قۆڵی دووەم: لە دۆڵە رووتەوە بەرەو قزلەر و شاخی یاخیان

قۆڵی سێهەم: لەسەر رێگای سورداشەوە بەرەو زێویّ

قۆڵی چوارەم: لەسەر رێگای سورداشەوە بەرەو قووڵە پووشێن و قولە سەوزەو لەوێشەوە بەرەو گوندی شەدەڵە

قۆڵی پێنجەم: لەسەر رێگای دووکانەوە بەرەو شەدەڵەو شاخی دابان

قۆڵی شەشەم: لەسەر رێگای دووکانەوە بەرەو گوندەکانی قەمچوغەو سەرمۆرد

قۆڵی حەوتەم: لە قەرەسرتەوە بەرەو قەڵەمپاشاو کلاًو سپی
قۆڵی هەشتەم: لەسەر رێگای بنگردەوە بەرەو هەنجیرە، شارستێن، دۆڵەبی و هەوارە بەرزە
قۆڵی نۆیەم: لەسەر رێگای بنگردەوە بەرەو ئاوەژێ، چنارنەو سیروان

بە دەرکرنی بەیانی ژمارە (3087) لە رۆژی 1988/3/19 ی (سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان) کۆتای بە ئەنفالی یەك هات.

**قۆناغی دوو: 22/ 3_4/1**

لەشەوی 1988/3_23/22 سوپای عێراق بەچەکی قورسەوە بەسەرپەرشتی ( ئەیاد خەلیل زەکی) فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی بەرگری نیشتیمانی، هێرشیان کردە سەر گوند و دانیشتوانی ناوچەکانی (قەرەداخ، سەنگاو، بازیان، دەربەندینخان، زەرایەن، نەسر، عەربەت).

بەشێك لەو هێزانەی بەشداربوون لەم قۆناغەدا:

- تیپی 50ی سەر بە فەیلەقی یەك کە ناونرابوون بە هێزەکانی ئوسامە بن زەید
- تیپی 1ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی ئەبوعوبەیدە
- تیپی 2ی سەر بە فەیلەقی یەك کە ناونرابوون بە هیزەکانی خاید بن وەلید
- تیپی 5ی سەر بە فەیلەقی یەك کە ناونرابوون بە هێزەکانی محمد قاسم
- تیپی 15ی سەر بە فەیلەقی دوو کە ناونرابوون بە هێزەکانی فاروق
- تیپی 34ی سەر بە فەیلەقی دوو کە ناونرابوون بە هێزەکانی حارس
- لیواکانی کۆماندۆی (68،66،65)ی سەر بە گاردی کۆماری
- هێزی تەواری سلێمانی سەر بە ئەمنی سلێمانی
- کەتیبەی تانکەکانی حسن، کەتیبەی تانکەکانی حسێن، کەتیبەی تانکەکانی عەلی، کەتیبەی تانکەکانی خالید، کەتیبەی تانکەکانی مقداد، کەتیبەی تانکەکانی یەرموك، کەتیبەی تانکەکانی قادسیەو قوتەیبە
- 77 فەوجی جاش

کە لە حەوت قۆڵەوە پەلاماریاندا:
قۆڵی یەکەم: لە شارۆچکەی دەربەندیخانەوە بەرەو چرچەقەلاًو شاخی زەردە
قۆڵی دووەم: لە شارۆچکەی دەربەندیخانەوە بەرەو گوندەکانی باوەخۆشێن و سێوسێنان و کانیسارد
قۆڵی سێهەم: لە زەرایەنەوە بەرەو گوندەکانی دسکەرە کانی هەنجیرە و شاخی سۆڵە
قۆڵی چوارەم: لە سلێمانیەوە بەرەو دارەرەش و زرگوێز و قەرەداخ
قۆڵی پێنجەم: لە ئەلاًیەوە بەرەو ئالًیبزاو، بالاًجۆ، هەنجیرە
قۆڵی شەشەم:لە دەرەبندی بازیانەوە بەرەو بەرزایەکانی دەربەندی باسەرە
قۆڵی حەوتەم: لە چەمچەماڵەوە بەرەو گوندەکانی ژاڵە، مەلاحوسەین و بەرزایەکانی دەربەندی باسەرە

لەئەنجامی ئەو پەلامارە دڕندانەی حیزبی بەعس ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی سێوسێنان بەژەهری کیمیاوی گیانیان لەدەست داو بریندار بون، سامانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ تالآنکران، سەراپا گوندەکان خاپور کران، ژمارەیەکی زۆر لە ژن و پیاو و منداڵ و پیر دەستگیرکران و بێسەروشوێنکران.

به بەیانی ژمارە (3109) لە رۆژی (1988/4/2) ی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان کۆتای بە قۆناغی دووی ئەنفال هات.

به پێی رۆژنامەی (الجمهوریە) ژمارە (6881) لە رێکەوتی 1988/7/20 لە پاداشتی سەرکەوتنی ئەم قۆناغەدا دوو مەدالیای ئازایەتی بەخشراوە بە ( ئەیاد خەلیل زەکی) سەرپەرشتیاری قۆناغی دووەمی ئەنفال لە لایەن (صدام حسێن)ەوە

**قۆناغی سێیەم :4/7–4/20**

لەم قۆناغەدا سوپای عێراق بە سەرپەرشتی لیوا رکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) و لیوا رکن (کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی)و عەمید روکن (بارق عەبداللە حاجی حنتە) بەرێوەئەبرا، لە 1988/4/7 دەستی پێکرد بۆ سەر ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، دوز، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ، لەیلان) ئەو ناچانەی سەر بە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و کەرکوك و دیالە بوون و بەفراوانترین هێرشی ئەنفال ناسرا.

بەشێك لەو هێزانەی بەشداربوون لەم قۆناغەدا:

- تیپی 3ی سەر بە فەیلەقی دوو کە ناونرابوون بە هێزەکانی سەلاحەدین
- تیپی 4ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی قەعقەع
- تیپی 7ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی مەنسور
- تیپی 10ی زرێپۆشی سەر بە فەیلەقی چوار کە ناونرابوون بە هێزەکانی نەسر
- تیپی 11ی سەر بە فەیلەقی سێ کە ناونرابوون بە هێزەکانی مقداد
- تیپی 32ی سەر بە فەیلەقی سێ کە ناونرابوون بە هێزەکانی حسن
- تیپی 33ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی بەدر
- زیاتر لە 100 فەوجی جاش

کە لە نۆ قۆڵەوە پەلاماریاندا:

قۆڵی یەکەم: لە کەلارەوە بەرەو شاتری

قۆڵی دووەم: لە باوەنوورەوە بەرەو بەرزاییەکانی چوارملان و شێختەوێل و سۆفی رەحیم

قۆڵی سێهەم: لە دەربەندیخانەوە بەرەو شاخەکانی زەردەو گولآن

قۆڵی چوارەم: لە تیلەکۆوە بەرەو گوندی زەرین

قۆڵی پێنجەم: لەسەرقەڵاوە بەرەو گوندی هۆمەربل

قۆڵی شەشەم: لە شارۆچکەی سەنگاوەوە بەرەو گوندی قەیتول

قۆڵی حەوتەم: لە شارۆچکەی قادرکەرەمەوە بەرەو گوندەکانی برایم غولام و بناری گل

قۆڵی هەشتەم: لە شارۆچکەی خورماتووەوە بەرەو نەوجول و گوندەکانی سەر بە داودە

قۆڵی نۆیەم: لە شارۆچکەی سەنگاوەوە بەرەو گوندەکانی کچان و هەزار کانی و هەنارە

کە پتر 500گوندی گرتەوە سەرەڕای تەخت کردنی چوار ناحیە، لەگەڵ دەربەدەرکردنی زۆربەی خەڵکەکەی و گرتنی و بێسەروشوێن کردنی ئەوانی تریان. ئەنفالی سێ بە ئەنفالی گەرمیان ناسراوە و زۆرترین ژمارەی گیراو بێسەرو شوێنەکانی هێرشەکانی ئەنفال خەڵکی ئەو شوێنانەن.

لە سەعات 10 ی بەیانی 1988/4/11 دا دەوڵەتی عێراق زیاترلە 650 بۆ 700 ئۆتۆمبێلی سەربازی و پاس پڕکر بوون لە ژن و منداڵ و پیاو پیری گوندەکانی سنوری سەنگاوو گەرمیان ، لە سەنگاوو گۆپتەپەوە ئەنفال کراوەکانی گواستەوە بۆ چەمچەماڵ تا بیانگەیەنێتە مەعەسکەری تۆپزاوا، خەڵکی چەمچەماڵ کە ئەو هەموو گەرمیانانەیان بینی بەدیلی، شالاویان برد بۆ پاسەکان و جامی پاسەکانیان شکاند تا ئەنفالکراوەکان لەو چارەنوسە دۆزەخە قوتاربکەن ، لەکاتەدا هەندێك کەس هەلیان بۆ هەڵکەوتوو خۆیان دەرباز کرد.

رۆژی 4/14 ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەرەو چاڵەکانی مەرگ و گۆرە بەکۆمەڵەکان بران، هەر بۆیە دواتر و لە ساڵانی پاش 1995 ئەم رۆژە بۆ یادکردنەوەی هێرشەکانی ئەنفال دیایکراو لە بەرواری 2007/4/4 ەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە بریارێك ئەم رۆژە بە رۆژی ئەنفالکردنی کوردستان ناسرا.

**ئەنفالی چوار: 5/3_5/15**

لەم قۆناغەدا هێرشەکانی سوپای نیزامی عێراق گوندەکانی ناوچەکانی (کەرکوك، پردێ، تەقتەق، تەکیە، شوان و شێخ بزێنی، ئاغجەلەر، کۆیە، دێگەڵەو دەشتی هەولێر)ی گرتەوە، کە بە سەرکردایەتی راستەوخۆی لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) فەرماندەی فەیلەقی یەك و بەسەرپەرشتی وەزیری بەرگری (عەدنان خەیرولا تولفاح) و بەرپرسی بەشی باکوری حیزبی بەعس (علی حسن مەجید) بەرێوە چوو، لە 5/3/ 1988 کیمیابارانی (گۆپتەپە_عەسکەر_مەیلە_سەرچما_شێخان_کەڵە شێر_چەمی رێزان_قۆچەبلاغ_زەرزی) یان کرد، سەر لەبەیانی 1988/5/4سوپای عێراق بەسەرپەرشتی سەرۆك ئەرکانی سوپا فەریق روکن (نزار عەبدول کەریم خەزرەجی) هێرشیان کردە سەر ناوچەکە.

بەشێك لەو هێزانەی بەشداربوون لەم قۆناغەدا:

- تیپی 2ی سەر بە فەیلەقی یەك کە ناونرابوون بە هێزەکانی خالیدی کوری وەلید
- تیپی 5ی سەر بە فەیلەقی یەك کە ناونرابوون بە هێزەکانی محمد قاسم
- تیپی 8ی سەر بە فەیلەقی یەك کە ناونرابوون بە هێزەکانی موسەنا
- تیپی 38ی سەر بە فەیلەقی یەك کە ناونرابوون بە هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز
- تیپی 10ی زرێپۆشی سەر بە فەیلەقی چوار کە ناونرابوون بە هێزەکانی نەسر

- لیواکانی (65 و 66 و 68)ی هێزی تایبەت (قوە خاصە)ی سەر بە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان
- کەرتی سەربازی سوسێ بە سەرکردایەتی عەمید خاید
- کەرتی سەربازی کۆیە بە سەرکردایەتی عەقید محمد یاسین
- مەفرەزەکانی تەواری سەر بە ئەمنی سلێمانی و کەرکوک
- زیاتر لە 55 فەوجی جاش

کە لە (هەشت) قۆڵەوە پەلاماریاندا:

قۆڵی یەکەم: لە سلێمانیەوە بەرەو گوندەکانی چەمی رەزان، عەسکەر، گۆپتەپەو گەورەدێ و چیایی کلکە سماق

قۆڵی دووەم: لە تەقتەقەوە بەرەو گوندەکانی ئەسکەندەر بەگی، جەلەمۆرد، شێخان، قەسرۆك و مامەلێسی.

قۆڵی سێهەم: لە گەرمکەوە بەرەو گوندەکانی ئومەر گومبەت، سێگرتکان، سارتکەو قەمبەر

قۆڵی چوارەم: لە شوانەوە بەرەو گوندەکانی تەپەکورە، تەوەکەڵ، پەڵکانە، شەوگێر، کارێزە، کاولە سوار و مامله رەش.

قۆڵی پێنجەم: لە شارۆچکەی چەمچەماڵەوە بەرەو گوڵمکەوەی ئاغجەلەر، تلیان، تیژە، دەلۆ، کلاۆ قووت و مەشخەلان.

قۆڵی شەشەم: لە تەکیەوە بەرەو گوندەکانی دالاوە، شێخ پاڵەوان، عەسکەر، گۆپتەپەو هەیەربەگ.

قۆڵی حەوتەم: لە سەربازگەی تۆپزاواوە بەرەو گوندەکانی پێبازۆك، حاجی قەلآ، کانی کوردە، قەسرۆك و قورە بەرازە.

قۆڵی هەشتەم: لە بانی تاڵەبانەوە بەرەو گوندەکانی باغەچنێر، تەکەڵتوو، پەڵکانە، شێوە جانی و کونەگورگ.

**قۆناغەکانی پێنج و شەش و حەوت:8/26–5/15**

ئەم قۆناغە زیاتر لە سێ مانگی خایاند، کە ناوچەکانی (پردێ هەولێر، مەسیف، شەقلاوە، هیران، دۆڵی نازەنین، حەریر، خەلیفان، دۆڵی خۆشناوەتی، رەواندز، دۆڵی مەلەکان، سۆران، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی خانەقا، چۆمان، هیزۆب، چوارقورنە، رانیە قەلآدزێ و چیای قەندیل) بە سەرکردایەتی لیوا روکن یونس محمد سلێمان فەرماندەی فەیلەقی پێنج و بە سەرپەرشتی راستەوخۆی فەریقی یەکەمی روکن عدنان خیرولآ تولفاح وەزیری بەرگری و عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی بەشی باکوری حیزبی بەعس و نزار عەبدولکەریم ئەلخەزرەجی سەرۆك ئەرکانی سوپا.

بەشێك لەو هێزانەی بەشداربوون لەم قۆناغەدا:

- تیپی 1ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی ئەبوعوبەیدە
- تیپی 4ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی قەعقاع
- تیپی 7ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی مەنسور
- تیپی 16ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی زولفەقار

- تیپی 23ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی عەباس
- تیپی 24ی سەر بە فەیلەقی پێنج کە ناونرابوون بە هێزەکانی موعتەسەم
- تیپی 5ی سەر بە فەیلەقی یەك کە ناونرابوون بە هێزەکانی محمد قاسم
- تیپی 2ی سەر بە فەیلەقی یەك کە ناونرابوون بە هێزەکانی خالیدی کوری وەلید
- تیپەکانی زرێپۆش و تانکی سەر بە فەیلەقی یەك و پێنج و لیوای تۆپی دوور هاوێژی سەر بە هێزی تایبەت (قوە خاصە)ی سەر بە سەرکردایەتی گشتی هێزی چەکدار
- زیاتر لە 45 فەوجی جاش

بە پێی نوسراوی دەزگای هەواڵگری کەرکوك ژمارە (ش3/ق3/ 14127) لە رێکەوتی 1988/8/17 تێیدا هاتووە کە هێزەکانیان بە چەکی تایبەتی (کە مەبەستیان لێی چەکی کیمیاویە) لە ناوچەی بالیسانیان داوە.

**قۆناغی هەشتەم: 8/26–9/6**

قۆناغی هەشت یان دوا قۆناغی ئەنفال بۆ سەر ناوچەکانی بادینان بە سەرکردایەتی لیوا روکن یونس محمد سلێمان فەرمادەی فەیلەقی پێنج و لیوا روکن سوڵتان هاشم فەرماندەی فەیلەقی یەك و لیوا روکن کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی فەرماندەی فەیلەقی دوو و بە سەرپەرشتی راستەوخۆی فەریقی یەکەمی روکن عەدنان خەیرولاّ وەزیری بەرگری و عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی بەشی باکووری حیزبی بەعس و فەریقی روکن نزار غەزرەجی سەرۆك ئەرکانی سوپا بەرێوە چوون لە هەردوو پارێزگای موسڵ و دهۆکی کە پێك هاتبوون لە ناوچەکانی (ئامێدی، ئەتروش، ئیمینکی، باتوفە، زاخۆ، زاوێتە، زێوە، دێرەلوك و کانی ماسی.